**دەستوريك دور لە خواستى ژنان................... نوسينى : نەجيبە مەحموود**

ئەگەر زۆر نەگەرينەوە بۆ ميژوو تەنها قۆناغى دواى را پەرين ودواى ئازادى عيراق سەير بكەين ئەبينين لە هەول وخەباتى ريكخراوە كانى ئافرەتان وژنان وكەسايەتى ژنان لە كوردستان دا بە بەردەوامى جەختيان لە سەر گۆرينى ياسا كان كردۆتەوە.

بە تايبەتى ياساى بارى كەسيتى و ئەو بەندانەى ژنان بە پلە دوو لە قەلەم ئەدات ، بە شيوازيك كە لە گۆريندا سوود لە بەندەكانى مافى مرۆف وەر بگيريت وما فەكانى مرۆف بپاريزيت . بە شيوەيەكى يەكسان دژى جياكارى و پەيوەندى نيوان تاكەكانى كۆمەل بەرز رابگيريت . بۆ ئەو مەبەستەش چەند ين چالاكى جۆراو جۆر يان ئە نجام داوە ،بەتايبەت سازدانى كۆروسيمينار لە شارو شارۆچكەكان سەبارەت بە وبەند انەى ياساى بارى كەسيتى كە پيويستى بە گۆران هەيە لەگەڵ گۆرانكاريەكانى كە لە ياسادا كراوە .

ئەمەش تارادەيەك كاريگەرى خۆى هەبوە لە سەر هيزە سياسيەكان ،كە ئەبى بايەخيان هەبيت بۆ كارەكانى ژنان وگوێ يان لى بكيرێ .

هەر لەدواى رزگار كردنى عيراقيش هەوڵ درا بۆ گواستنەوەى ئەزمونى خەباتى چەند سالەى ژنانى كوردستان بۆ دەور و خەباتى ژنانى عيراق ، لە پيناو گۆرانكارييە كانى عيراق دا ،بەتايبەت هەول دان بۆ بەرز كردنەوەى ريژەى ژنان لە بەشدارى كردن ونوينەرايەتى كردنى ژنان ،چ لە پۆستى حكوميدا ،چ بۆ ئامادە بون لە ليژنەى رەشنوسى دەستور و گۆرانكاريە ياسا يى يەكان .

لە سالى ( ٢٠٠٣ ) دا بريارى( ١٣٧ ) ى ئە نجومەنى حوكم دەرچوو ،كە ياساى بارى كەسيتى سەرچاوەكەى شەريعە ى ئيسلام ئەبيت .ئەوە بوو نوينەرى زۆرينەى ريكخراوەكانى ژنان وئافرەتان و كەسايەتى ژنان لە كوردستان وعيراق بە هاودەنگى لە بەغداد بە ريپيوان لە ساحەى فردۆس مانكرتنيكيان سازدا ودواتر نامە يەكيان بەرز كردەوە بۆ هەلوەشانەوەى ئەو بريارە.كە ئيستا دووبارە لە دەستور دا هاتۆتەوە .

ليرەدا ئەوەى من ئەمەوێ ئاماژەى پێ بدەم ئەوەيە كە لە دواى ئەو هەول و خەباتانەى ژنان وئافرەتان بە ئاگادارى هيزە سياسيەكان بۆ بونى نوينەرى ژنان لە ليژنەى رەشنوسى دەستور لە پيناو داكۆكى كردن لە مافە كانى ژنان . دووبارە گوێ لە خواست و داواكانى ژنان و ئافرەتان نەگيرا يەوە بە بيانووى ئەوەى كە ئەم قۆناغە قۆناغيكى هەستيارە ومەسەلەى نەتەوايەتيەكە پيش مەسەلەى ژنانە وە ژنان ناچاريش ئەكرين ئەبێ بچنە شەرەكەوە

ودەنگیشی پێ بدەن ،گوایە لە بەرژەوەندی کوردە ، بەلام وا سەیر ناکریت کە ئەگەر نیوەی کۆمەل ژێر دەستەو چەوساوە بیت مانای نیوە کورد ژێردەستەیە .جگە لەوەی کە زۆر لە برگەکانی دەستور دژ بەیەك و مەتاتیەت و ئالۆزیکی زۆری پیوە دیارە هەروە ها .مەسەلەی فیدرالیەکەش ئەتوانم بلیم تەنها روکەشە لە بەر ئەوەی کاتیك بریاری ( ٥٨ ) بە هەلواسراوی ئەمینیتەوە و یەکلا نە کراوەتەوە ،کەواتە ئەگەر کورد خاوەنی سنوریکی دیاری کراو نەبیت لەسەر چ بنەمایەك فیدرالی وەرئەگرێ ، ئەگەر تەنها رازی کردنی کورد نەبیت بەو سێ پاریزگا یە .

بۆیە من چۆن دەنگ بدەم بە دەستوریك کە جاریکی تر بە دەستورو یاسا پیشیلی مافەکانم ئەکرێ کە ئەمەش ئەبیتە هیزیکی کەورە بۆ پالپشتی کردن لەمانەوەی عەقلیەتی پیاو سالاری وەك مرۆفیکی پلە دوو لە کۆمەلگە دا سەیر بکریم و خۆشم بکریم بە قەلغان وەك ژن بۆ پاریزگاری کردن لەو دەستورە ، کە ئەبیتە دەستوریکی هەمیشەیی عیراق.

هیزە کورد ییەکان پیویست بوو رۆل وخەباتی ژنانیان بەرز بنرخاندایە نەك رازی بن بەو دەستورە، هەموومان ئەزانین کە عیراق چەند ین سالە بەدەست بیروباوەریکی ناسیونالستی عەرەبی چەق بەستووە ئەنالینێ بچوکترین دەرفەت نە بوە بۆ بیرکردنەوەی مرۆف ، بە جۆریك کە هەست وبیر وهۆشی هەموو تاکیکی ئەم وولاتەی داگیر کردوە ، ونەیتوانیوە هەول بدات بۆ خۆرزگارکردن وگۆرانکاری لە عیراق دا بە هۆی دەسەلاتیکی دیکتاتۆری یەوە .

ئەبوایە پیك هاتەی حکومەتی عیراق هاندەریك بوایە وسودی لی وەر بگیرایە بۆ دووبارە نەکردنەوەی میژوو ورابردوی عیراق چو نکە رژیمی بەعس بەیەکسانی وبە بێ جیاوازی نەتەوە ،ئاین ،مەزهەب،ئایدۆلۆژیا دریغی نەکردوە لە سەر کوت کردن و لە ناو بردن و زولم وزۆری لە بەرامبەر گەلی عیراق دا ،جا کە ئەو بارووخەی گەلی عیراق بەگشتی تیای ژیاوە ئاوا بیت ئەبێ بارودۆخی ژنان کە هاولاتی پلە دوون چۆن بیت .

لیرە بە پیویستی ئەزانم داوا بکەم لە سەرجەم ریکخراوەکانی ژنان وئافرەتان و کەساییەتیەکانی ژنان بە پالپشتی کەسایەتیە سیاسیە پیشکەوتنخوازەکان ،رۆشینبیران ،بە یەك دەنگی و یەك هەلویستی ،دور لە دەمار گرژی ( نەتەوایەتی ،ئاینی ،ئایدۆلۆژیا ) کار بکەین بۆ هەلوەشانەوەی ئەو برگەیە کە ئا ینی ئیسلام ببیتە سەرچاوە بۆ دەستور ،لە بەر ئەوەی ناکۆکە لەگەلێ بنە ماکانی دیمۆکراسی و مافی مرۆف دا . پیویستە ئاین وەك ئەقیدەیەك ریزی لی بگیریت وخەلك ئازاد بیت لە مومارەسە کردنی . بەلام ئەبێ دەستور بێ لایەن بیت ،هەموو چین و تویژیکی کومەلگە لە بەر دەم یاسا و دەستور دا یەکسان بن . تا دەرفەتی گۆرینی هەیە پیویستە بە زووترین کات دەست بکریت بە کار و چالاکی ، ئەمەش

**تـــەنها بـــە ئـــەرکی ژنـــانی نـــازانم بـــەلکو بـــە ئـــەرکی هـــەموو مرۆفیکـــی پیـــشکەتنخوازی ئەزانم**...........